## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە وەفدێکی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزەکانی فرەگەز لە عێراق کرد

کاتژمێر (10 ) ی سـەر لە بەیانی رۆژی یەکشـەممە ریکەوتی 29/7/2007 بەرێز (حیدر شیخ عەلی) وەزیری گەیاندن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەفدێکی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزەکانی فرەرەگەز لە عێراق لە بواری زانیاری و گەیاندن ، بە سـەرۆکایەتی بەرێز ( عەمید رۆنی هوکنز) و ژمارەیەک لە بەرپرسانی سەرۆکایەتی ئەرکان کرد . لە دانیشتنێکدا کە سەعاتێکی خایاند و ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەت ئامادەبوون ، بە تێروتەسـەلی تیشـک خرایە سـەر بواری گەیاندن لە هەرێمی کوردسـتاندا، هەروەها گرفتەکانی ئەم بوارەش باسی لێوەکرا، لە بەشێکی تری کۆبونەوەکە باسی گرنگی بەستنەوەی هەرێمی کوردسـتان بە وڵاتانی دەوروبەر، لە رێگای کێبڵی رووناکی کرا کە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وا دەبێتە مایەی پێشخسـتنی ئەم بوارە بە شـێوەیەکی بەرچاو و بە بەرژەوەندی هەموو لایەک یەکلا دەبێتەوە . شـاندی میوان بەڵێنیان دا گرفت و پێشـنیازەکان شرۆڤە بکەن و هەوڵی هاوکاری هەرێم لە بواری گەیاندن و ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگ بدەن.







## وەزیری گەیاندنی عێراقی فیدراڵ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

کاتژمێر 11ی بەیانی رۆژی پێنج شەممە ریکەوتی 2/8/2007 بەرێز (حیدر شیخ علی) وەزیری گەیاندن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە بەرێز (دکتۆر محمد توفیق عەللاوی) وەزیری گەیاندن لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و شـاندی یاوەری. لە کۆبوونەوەیەکدا کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند و ژمارەیەک لە بەرپرسـانی وەزارەت ئامادەی بوون، باسی رەوشی گەیاندن بە هەموو بوارەکانیەوە لە هەرێمی کوردستان کـرا. هەروەهـا ئەو گرفتانـەی دووچـاری وەزارەت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بوونەوەتـەوە و لایەنێکی پەیوەندارە بە وەزارەتی عێراقی فیدراڵ تیشکی خرایە سـەر و هەر دوو لا کۆک بوون لە سـەر چارەسـەر کردنی کێشـەکان. لە تەوەرێکی کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو پرۆژانە کرا کە وەزارەت لە هەرێم ئەنجامی داوە. هەروەها رۆڵی بەرچاوی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی بواری گەیاندن لە کوردستاندا باسی لێوە کرا. شاندی



میوان بەڵێنیان دا کە پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی لە گۆژمەی دیاریکراو لە گۆژمەی وڵاتانی بەخشێنەر (دول المانحه) لە برە پارەی (یابان) کە بۆ گەیاندن تەرخانکراوە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدەن.
شایانی باسە دکتۆر محمد توفیق عەللاوی و شاندی یاوەری بە سەردانێکی فەرمی رۆژی چوارشەممە ریکەوتی 1/8/2007 گەیشتنە شاری هەولێر و لە لایەن وەزیری گەیاندنی هەرێمی کورستان لە فرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر پێشوازیان لێکرا.



## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیای کوردتێل کرد

کاتژمێری 11ی بەیانی رۆژی یەکشەممە ریکەوتی 2007-8-5 بەرێز (حەیدەر شێخ علی) وەزیری گەیاندن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندێکی کۆمپانیای کوردتێل کە تۆری تەلەفۆناتی جێگیری شاری سلێمانی بەرێوە دەبات. لە کۆبوونەوەیەکەدا کە پتر لە ساعەتێکی خایاند و ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەت بەشدار بوون، باسی رەوشی گەیاندن لە شاری سلێمانی و قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکانی سنوری سلێمانی و گەرمیان کرا. هەروەها چۆنیەتی و شێوازی پێشخستنی ئەم بوارە لە سنوری پارێزگای سلێمانی و گەرمیان باسی لێوە کرا و پێشنیار و شێوازی گونجاو خرانە روو. بەرێز وەزیر بەڵێنی دا مشوری چارەسەرکردنی گرفتەکان و پێشخستنی ئەم بوارە لە وەزارەت بکەن بۆ پێشخستنی گەیاندن لەم دەڤەرە.







## خولی شیاندنی کارمەندانی پۆست لە هەولێر کرایەوە



بۆ یەکەم جار لە شاری هەولێر و لە باڵاخانەی فەرمانگەی پۆست خولێکی شیاندنی بواری پۆست بۆ نزیکەی (٤٠) فەرمانبەری پۆست کە لە فەرمانگەکانی (هەولێر ، دهۆک ، سلێمانی ، کەرکوک)کار دەکەن کرایەوە. خولەکە لە ٢٠٠٧/٧/٢٩ دەستی پێکرد و لە ٢٠٠٧/٨/١٨ کۆتایی هات شایانی باسە کارمەندەکان بە شێوەی گروپ بابەتەکانیان بۆ شرۆڤە دەکراو لە لایەن کەسانی پسپۆر و شارەزای بواری پۆست خولەکە بەرێوە چوو.